# ویترین



ئیلهام موڕادی

داهاتووم پڕدێکە لە ویترینی ڕابردوومدا

دوو پاتم ئەکا لە پەراوێزی شار

تا ونبوون لە شەقامی شەیدایی

تا نغرۆبوون لە ئاسمان

هەڵوەرینی ئینجانەکان

تا پیاسەکردنی گوڵ بەلاوکوو حەیران

هیچ شتێ گرنگ نییە

من بە تۆ ڕاهاتووم

شێتبوون لەژێر چەقۆی شەرع

ڕاکشان لە ژێر ستەمی ئایین

لە ژێر چاودێری خێلی ژنکوژ

چیم ئەوێ لە داعش

ئاساییە هەڵوەدابوون

لەقوژبنی سارد و سڕی

بێ یاسایی

ماف وشەیەکی نامۆ

لە قووڵایی ڕۆحمدا چاوەڕوانی

پچڕاندنی ئەو زنجیرە درۆیانەم

تاجوانتر ناسینی خۆم

سنە

ئیلهام مورادی